هەواڵ سەیر

شارستێن: پزیشکێکی عەرەب دەوام ناکات و مووچە وەردەگرێ

لە بنکەی تەندروستی گوندی شارستێن دا پزیشکێکی عەرەب دامەزراوە، بەڵام ئامادە نییە دەوام بکات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو پزیشکە وێڕای ئەوەی کە دەوام ناکات، کەچی لە بنکەی تەندروستی رانیەدا مانگانە مووچەکەی وەردەگرێ.
دەوام نەکردن لەبنکەی تەندروستی شارستێن دا گرفتی بۆ دانیشتوانەکەی دروست کردووە، ناچار نەخۆشەکانیان بۆ شوێنی دیکە دەبەن، ئەمەش زیانی پێگەیاندوون، چەندین جار لە ڕێگەدا نەخۆشەکان گیانیان سپاردووە، بەوهۆیەوە دانیشتوانی شارستێن گلەیی لە لایەنی پەیوەنددار دەکەن و بەکەمتەرخەمیان دادەنێن و لێیان دەخوازن کە گرفتەکەیان بۆ چارەسەربکەن.

دوای بزبوونی بە مردوویی دەدۆزرێتەوە

ڕۆژی 2007-10-30 دوای 16 ڕۆژ لە بێ سەرو شوێن بون لاوێکی 17ساڵ بە ناوی (ک. ع) خەڵکی گوندی ژوژلە سەر بە ناحیەی سیدەکان تەرمەکەی دەدۆزرێتەوەو بۆ نەخۆشخانەی رزگاری دەگوزرێتەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە بە کارەساتی ئوتومبێل گیانی لە دەست داوە، واپێدەچێ ئەوەی لێیداوە بردوویەتی و لە چۆلەوانی فڕێی داوە.

کارەبا کەسێک دەکوژێ

ڕۆژی 27-10- 2007 لە گەرەکی پیشەسازی شارۆچکەی چوارقورنە کەسێک بەناوی (ع. ج. ع) تەمەن 31ساڵ کارەبای لێی دەدات، بەداخەوە بەوهۆیەوە گیان لەدەست دەدات. هەرچەندە کە کارەبا لە کوردستان دا کەمەو بەردەوام نیە، بەڵام زۆرجاران کارەساتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بۆ بێبەرنامەی لەکاتی دابەشکردنی کارەبا دەگەڕێتەوە.

لەپێناو گوندەکەیاندا چاوەکانی لەدەست دەدات

گەنجێکی تەمەن 29 ساڵی خەڵکی گوندی **بەرداکەی** دۆڵی شاورێ لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی خزمەتگوزاری دا بۆ گوندەکەیان وەبەر(تی.ئن.تی) دەکەوێ و هەردوو چاوی لە دەست دەدات.

کەسێک باوکی خۆی دەکوژێ

ڕۆژی 2007-10-27 لە شکارە دێی بەستۆرەی دەڤەری پیرمام وڵاتیەکی تەمەن 49 ساڵ بە ناوی (ز) لە ماڵەکەی خۆیدا بە دەستی کوڕەکەیەوە دەکوژرێ.
بە گوێرەی زانیاریەکان کوژراوەکە کێشەی لەگەڵ ژنەکەیدا هەبوە و لێداوە، کاتێک کوڕەکەی دەگەڕێتەوە ماڵ و دایکی بەم شێوەیە دەبینێ یەکسەر پەلاماری باوکی دەدات و دەیکوژێ.

رانیە: بەنارنجۆک هێرش دەکرێتە سەر ماڵێک

شەوی 2007-10-21 لە گەرکی ئازادی رانیە نبە نارنجۆک هێرش دەکرێتە سەر ماڵی وڵاتی (ر.ب.ج)ی تەمەن 45ساڵ و بە سەختی بریندار دەبێ، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانەی رانیە دەکرێ.
بە گوێرەی زانیاریەکان کەسی بریندار کراو کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە.

هەولێر: کەسێک بزر دەبێ

ڕۆژی 2007-8-17 کەسێک بەناوی زمناکۆ حەمە پشدەری تەمەن 27 ساڵ دانیشتووی شاری هەولێر لەماڵ دەردەچێ و ناگەڕێتەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە ماوەیەک بوو لە هەندەران گەڕابۆوەو دووچاری نەخۆشی دەروونی ببوو. بەوهۆیەوە کەسوکاری نیگەرانن و دەترسن دووچاری گرفتێکی گەورە هاتبێ و گیانی لەدەست دابێ.

دووکان : دزێک دەستگیر دەکرێ

شەوی 2007-10-25 لە گەڕەکێکی شارۆچکەی دووکان دزی لەدوو ماڵ دەکرێ، لەیەکەمیان کەماڵی وڵاتی (ئە. ح) 7200 دۆلار و لە ماڵی وڵاتی (م. ک) 1300دۆلار و 5 تاک بازنی زێر و ماتۆرێکی ئا و دوو بتڵ غاز دەدزرێ، دواتر بنکەی ئاسایش و پۆلیس لەو دزیانە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەوانیش سێ گومانلێکراو بەناوەکانی (س.ل، س.ح، ت.ب) دەست گیر دەکەن و بۆ لێکۆڵینەوە رەوانەی زیندانیان دەکەن.

شەقڵاوە: گەنجێک بریندار دەکرێ

ڕۆژی 2007-10-28 گەنجێکی تەمەن 22ساڵی دانشتووی شاری شەقڵاوە بە ناوی (ر. ئە)ی گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی بریندار دەکات، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.
نزیکانی کەسی بریندار هۆکاری ئەو ڕووداوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوە کە ماوەیەکە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

فێرخوازانی زانکۆ سەلاحەدین دژی بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا رادەوەستن

دوای ئەوەی بەبڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی داوا لە زانکۆکان کراوە کار بەیاسای تەرقین قەید بکرێ، نیگەرانی سەرجەم فێرخوازانی زانکۆکانی کوردستان گرتەوە، بۆ پڕۆتستۆکردنی بڕیارەکە فێرخوازانی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین لەشاری هەولێر دوێنێ هۆڵی خوێندنیان جێهێشت و خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، بەپێی ئەو بڕیارە کە لەدوای راپەڕینەوە لەسەر داوای ڕێکخراوە خوێندکارییەکان کاری پێناکرێ، لەزانکۆکانی کوردستاندا هەرخوێندکارێک کەقۆناغی خوێندن ماوەی دوو ساڵ دەرنەچێ، ئەوا لەزانکۆ دەردەکرێ و تەنیا بۆی هەیە لە پەیمانگا درێژە بە خوێندن بدات.
بەپێی نوسراوێک کە لەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆ زانکۆکان رەوانەکراوە، یاسای تەرقین قەید لەم ساڵەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، یاسای پەڕینەوە نامێنی و دەرماڵ دەبڕدرێ. ئەو خوێندکارانەی کەدەرنەچوون لەبەشە ناوخۆییەکان بێبەش دەبن. ئەمەش ئەرکەکانیانی فێرخوازان قورستر دەکات.
فیرخوازان لەخۆپیشاندانەکەدا داوای گەڕانەوەی بڕیاری پەڕینەوە بۆ دوو بابەتی ساڵانەو چوار بابەتی کۆرسیان دەکرد، داواشیان دەکرد کەدەرکردنی فێرخوازیی دوو ساڵە رابگیرێ و دەرماڵەی مانگانەیش زیادبکرێ، ئاوڕ لە بەشە ناوخۆییەکان بدرێتەوە و هەوڵی چاککردن و دابینکردنی پێداویستیەکانیان بدرێ.
هەرچەندە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەیەکەم رۆژی خۆپیشاندان و مانگرتنی فێرخوازاندا هیچ وەڵامێکیان بەبووە، بەڵام فێرخوازانی کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەڕەشەیان کردووە ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا لەو بڕیارەی پەشیمان نەبێتەوە ئەوان درێژە بە خۆپیشان دان دەدەن . بەوهۆیەشەوە دەخوازرێ کە هەنگاوێکی خێرا بۆ چارەسەرکردنی داخوازیەکانی فێرخوازان بنرێ.

لە چوار رووداوی جیاوازدا چوار کچ دەسووتێن

ڕۆژی 2007-10-22 کچێکی تەمەن 22ساڵ بە ناوی (ک ف) دانیشتووی شارۆچکەی دووکان بەهۆی کێشەی خێزانیەوە ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسوتێنێ، دوای دو ڕۆژ مانەوە لە خەستەخانە گیان لەدەست دەدات.
ڕۆژی 2007-10-23 کچێکی تەمەن 20 ساڵ، دانیشتووی گەرەکی ئازادی شارۆچکەی رانیە بەناوی (س. م) بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئاگر لەخۆی بەردەدات و هەوڵی خۆ سووتاندن دەدات، بەوهۆیەوە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی سلێمانی گیانی دەکرێ، دوای چەند رۆژێک گیان لەدەست دەدات.
بەگوێرەی زانیایەکان هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو قوربانیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستگیرانەکەی تەلاقی داوەو کەسێکی دیکەی بۆ هاوسەری هەڵبژاردووە.
ڕۆژی 2007-10-27 کچێکی تەمەن 15ساڵی دانشتووی قەزای سۆران بە ناوی (د.س)بە هۆی ئەوەی لە نزیک بەرمیلی بەنزین ئاگر دەکاتەوە، دەسووتێ، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر دەکرێ، بەداخەوە و دوای سێ ڕۆژ مانەوەی گیان لەدەست دەدات.
ڕۆژی 2007/10/29 لە گەرەکی قەڵاتی ناحیەی تەق تەق دا کچێکی تەمەن 16ساڵ بەناوی ((ب) لەکاتی چێشت لێناندا تەباغەکە کڵپەدەکات، بەوهۆیەوە ئاگر لەجەستەی بەردەبێ، بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەیەکەیەوە هەمان ڕۆژ گیان لە دەست دەدات.

هەولێر: بارەگای پارتی چارەسەر دادەخرێ

دوێنێ شەممە ڕێکەوتی 2007-11-3 بە بڕیارێکی ئاسایشی شاری هەولێر بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە هەولێر داخرا.
بەگوێرەی هەواڵی پەیامنێرمان لە شاری هەولێرەوە هێزێکی ئاسایش پەلاماری بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان هەڵکەوتوو لەسەر شەقامی سەد مەتری نزیک جادەی سەرەکی نێوان هەولێر- کەرکوک دەدەن، ئەوانەی لەنێو بارەگاکەدا دەبن وەدەردەنرێن، دواتر دەرگەی بارەگاکە دادەخەن و چەند ئاسایشێک تێیدا دەمێننەوە.
لەلایەکی دیکەوە هەر هەمان کات بەرەی تورکمانی کە لایەنگری سەرسەختانە لە رژێمی تورکیا دەکەن دەستیان بەچالاکی کرد. کەنعان شا نوێنەری بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر رایگەیاندووە کە ئیتر ئەوان سەربەستن و دەتوانن درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان بدەن و رامانی خۆیان کە داکۆکیکردنە لە تورکیا بە ئاشکرایی دەربڕن و دژایەتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و هاوکارانیاندا بکەن.
ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەمە یەکەمین جار نیە کە بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەولێرەوە پەلامار دەدرێ و دادەخرێ. لانی کەم لە دوو ساڵی رابردوودا دوو جاری دیکەش بە بڕیاری ئاسایش ئەو بارەگایە داخراوەو دواتریش رادەستی پارتی ناوبراو کراوەتەوە.

لەم هەفتەیەدا نەوت لە هەولێر دابەش دەکرێ

نورەدین حامد بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر ئاشکرای کردووە کە لە هەفتەی یەکەمی ئەم مانگەدا بەشە نەوت بەسەر وڵاتیان دابەش دەکرێ.
بەگوێرەی لێدوانەکانی نورەدین حامد هەر خێزانێک دوو سەد لیتر نەوت بە سی وحەوت هەزار دینار وەردەگرن. هەروەها بۆ ئەوەی ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو خەڵک دووچاری بێ نەوتی نەبنەوە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوت زۆر نەوتی داکردووەو بەنیازیشە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هەر بەرمیلێک نەوت بە حەفتاو پێنج هەزار دینار بە سەر خێزانەکان دابەشیان بکات.

هەولێر: گەنجێک دەکوژرێ

ڕۆژی 2007-11-2 گەنجێکی تەمەن 17 ساڵەی دانیشتووی گەڕەکی رزگاری شاری هەولێر پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبات و ژمارەیەکی زۆر دەنکۆڵەی هۆشبەر دەخوات، بەوهۆیەوە گیان لەدەست دەدات.
بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە ناوی (ف.ع)، فێرخوازی قۆناغی ناوەندی بووە، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە، لەنێو ژوورەکەی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر دەنکۆڵەی هۆشبەری خواردووە، کاتێک کەسوکاری پێدەزانن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەیگوازنەوە، بەڵام بەهۆش خۆی نایەتەوەو گیان لەدەست دەدات.

تەرمی ژن و پیاوێک دەدۆزرێنەوە

کاتژمێر 22ی شەوی 2007-11-2 خەڵکی شارۆچکەی خەبات تەرمی ژن و پیاوێکی کوژراویان دۆزیەوە، بەوهۆیەوە بنکەی پۆلیسیان لێ ئاگادار کردەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان هەردوو قوربانیەکە بەناوەکانی (س) و (ز) بە گوللە کوژراون، گومانی ئەوەش دەکرێ کە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە کوژراب.

هەواڵی سەیر

ناوەندی مهابادی کچان لە شاری چەمچەماڵ بۆ ئەم ساڵی خوێندن گوشاری خستۆتە سەر فێرخوازان کە نابێ ئەو جل و بەرگانەی پار ساڵ لەبەریان دەکرد ئەم ساڵ لەبەری بکەنەوە! دەبێت یەک جلی (زەی موەحەد)لەبەرکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بچن لەلای (کوتاڵ فرشی ئیبراهیم)قوماشەکان بکرن وەسڵی لێ وەربگرن و پێشانی بەڕێوەبەری فێرگەکەی بدەن، دەنا لێیان قبوڵ ناکەن لە شوێنێکی تر بیکرن! چونکە ئەمان لەگەڵ بازرگانی ناوبراو ڕێکەوتون کە لەو جۆرە قوماشەیان بۆ بهێنێت ئەگەر وانەبێ ئەوا لە سەری دەمێنەوە.
بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ بەرپرسی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی و بەرپرسی بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستایەکی لەقوتابخانەی (خاک)ی سەرەتاییەوە بۆ سلێمانی گواستۆتەوە، لە کاتێکدا قوتابخانەی ناوبراو جگە لەو مامۆستایە پێویستی بەچوار مامۆستای تر هەیە، تا ئێستا چەندین وانەی سەرەکی لەو قوتابخانەیەدا نەخوێندراون، نەک هەر ئەو قوتابخانەیە کارگوزاری نییە و چارەسەری ناکات، بە هەمان شێوە مامۆستایەکی لە قوتابخانەی (خاڵخاڵان) گواستراوەتەوە کەچی مامۆستای وا هەیە سێ ساڵ لەو گوندەیە چارەسەر نەکراوە.

کاتژمێر 11.30ی ڕۆژی 2007-10-27 لەناو دیواری پەروەردەی چەمچەماڵ و بە تایبەت لەبەردەم ژووری بەڕێوەبەردا بەهۆی دامەزراندنی ژمارەیەک زۆر لە دەرچووانی پەیمانگەی مامۆستایانی چەمچەماڵەوە قەڵەباڵغی و مشتومڕێکی زۆر لە نێوان فێرخوازەکان و بەڕێوەبەری پەروەردە دروست بوو، چارەسەر نەکرا و حاڵ گەشتە ئەوەی تەفۆن بۆ ئاسایش کراو کەوتنە ناو خەڵکەکەوە ودوریان خستنەوە، لەو کاتەدا شۆفێرێک کەکاری تایبەتی هەبوو لەوێ گوتی: من لەگەڵ ئەوانەدانیم و پاڵ دەنێن و خۆتان تورە مەکەن، ئەوانش هەر لەوێ هەردو دەستیان کەلەپچەکرد، دوای کۆتای هاتنی کێشەکە بۆیان دەرکەوت کە ئەم مامۆستا نییە و بەبێ داوای لێبوردن بەرەڵایان کرد.

لە هەفتەی رابوردوودا لە گەرەکی (ڕاپەرین)لە شاری سلێمانی کابرایەک دەچێتە ماڵی (ز.ن)کە ژنێکی پیرە و هەواڵی کورەکەی دەپرسێ ئەویش دەڵێت لە دوکان دایەو خەریکی ئیشکردنە. کابرا فێڵ لە پیرەژنەکە دەکات و دەڵێ: من مەوعیدم هەیە و بڕیارە پارەم بداتێ، با تەلەفۆنی بۆ بکەم، بەدرۆوە تەلەفۆنێ بۆ دەکات و پیرێژنەکە قایل دەکات و شوێن وریێی پارەکە دەزانێ فرسەت وەردەگرێت (چوار ملیۆن دیناری بریک زێری)دەبێت دەیدزێ و دەیبات ئیستا گومانی لە هەندێ ناسیاوی خۆیانەو هیچی دیکە. شایەنی باسە ئەم جۆری دزی کردنە ناوبەناو سەرهەڵدەدات و هەر جارە و بە بیانویەکەوە.

لە تەقینەوەکەی ڕۆژی 2007-10-28 ی حەسیرەکەی کەرکوک کە زیانێکی زۆری گیانی و مادی لە کاسبکارانی ئەو دوکاکانە کەوت چەند کەسێکی نەفس نزم دەرفەتیان وەرگرتبوو، پارەی ناو دوکان و دەخیلەکانیان دزی بوو. لەو کاتەدا کەسێک دەگیرێت بە ناوی (ئ.ح) کە خەریکی شکاندنی قاسەی دوکانێک بووە و ویستویەتی بیدزێ. جێگەی ئاماژەیە کە چەندەها کەس هەیە بێ گوێدانی هیچ بەهاو نرخێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی لەو کاتەدا ئەو جۆرە کارانە دەکات.

کاتێک کە رژێمی تورکیا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەیەوێ هێزە سەربازیەکانی خۆی بۆناو هەرێمی کوردستان بنێرێ، هەروەها دەیەوێ گەمارۆی ئابووری و ئاسمانی بەسەر هەرێمی کوردستان دا بسەپێنێ، بەوهۆیەشەوە هەم بازاڕ شێواوەو هەمیش خەڵک نیگەران و هەراسانن، کەچی هەندێ کۆمپانیای بازرگانی وەک ئەوەی هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە زۆر بە خۆشحاڵیەوە لە گەمارۆی ئابووری دەڕوانن و خۆیان ئامادەکردووە کە نرخی ئەو کاڵایانەی کە پێشتر بە هەرزان کڕیویانە بەرز بکەنەوە.

ڕۆژی 2007-11-3 کاتێک کە فێرخوازانی زانکۆ سەلاحەدین بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا مانیان گرتبوو، ئامادەنەبوون بچنە پۆلەکانیان و گوێ لە وانەکانیان گرن، نەرپرسێک بە تەلەفۆن فەرمانی بە زانکۆ دابوو کە گوێ لەو هاشوهوشە نەگرن و درێژە بەکارەکانی خۆیان بدەن، هەموو فێرخوازەکانیش بە غائیب بنووسن!

وتەبێژێک بەناوی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە بە ئاژانسەکانی راگەیاندووە کە ئەو شاندەی کە بۆ سەردانی تورکیا ئامادە کراوە، چاوەڕوانی دیداری نێوان ئەردۆگان و بووش دەکات، ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئەوان سەفەرەکەیان دەکەن، ئەگەرنا پێویست بەو سەفەرە ناکات.
وتەبێژەکە باسی رەفتارەی تورکەکانی نەکردووە کە بەرانبەر ئەو کوردانە نواندبوویان کە پێشتر لەچوارچێوەی شاندی عێراقی سەردانی تورکیایان کردبوو، ئەگەر رەفتاری تورکەکان لەبەر چاو بگیرێ نابێ هەرگیز بیر لە رەوانەکردنی شاندێک بکرێتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com